هاتوچۆی عێراق سیستەمکی نوێ بۆ پێبژاردنی سەرپێچی شۆفێران جێبەجێدەکات



بەڕێوبەرایەتی گشتی هاتوچۆی عێراق ئەمڕۆ دوشەممەوە وادەی پێبژاردنی لەڕێگەی کامێراکانی زیرەکی ئۆتۆمبێلەوە دیاریکرد و راشیگەیاند، لەچەند رۆژی داهاتودا کامێراکان دەخرێنەکار و چەندین جۆر سەرپێچیش تێمارەدەکەن.

عەمید زیاد قەیسی، وتەبێژی هاتوچۆی گشتی عێراق رایگەیاند، پرسی کامێرای زیرەک لەچوارچێیانەکاندا هەشتا لەتاقیکردنەوەدایە، کاری کامێراکانیش چاودێریکردنی سەرپێچییەلەسەر ڕێگا ناوخێیەکان، تا ئێستاش هیچ پێبژاردنێک بۆ شۆفێرانی سەرپێچیکار تێمار نەکراوە.
وتیشی، "لەرێگەی کامێراکانەوە سەرپێچی هاتوچۆ تێمارەکرێت و بڕک غەرامەش بۆ ئەو مەبەستە دیاریکراوە سەرپێچیەکانیش هەریەک لە (نەبەستنی پشتێنی سەلامەتی بۆ شۆفێر و سەرنشینی تەنیشتی، تێپەڕاندن بەڵای ڕاست، پەکخستنی هاتوچۆ، بەکارهێنانی مۆبایل و پابەندنەبون بە هێماکان و لێخوێنی ئۆتۆمبێل بە ئاستەی پێچەوانە) دەگرێتەوە".
ئەوەشیخستەڕو، کامێرا زیرەکەکان دوای تەواوبونیان لە سەرجەم چوارچێیانەکاندا کارا

دەکرێن، چاوەڕوانیشدەکرێت لەماوەی چەند رۆژی داهاتودا بەفەرمی بخرێنەکار.

سەبارەت بە ناردنی سەرپێچیەکانیش لەڕێگەی مۆبایلەوە بۆ شۆفێرانی سەرپێچیکار، وتەبێژی هاتوچۆی گشتی عێراق ئاشکرایکرد، لەئێستادا کاردەکەن بۆ بەستنەوەی پلاتفۆرمی غەرامە بە ماپەڕی ئور، بەمشێوەیە لەئەگەری سەرپێچیکردن لەڕێگەی نامەی نامەی مۆبایلەوە شۆفێری سەرپێچیکار لەبابی پێبژاردنەکەی ئاگادارەدەکرێتەوە.